**یەکگرتووی ئیسلامی:**

# شەڕی نوێنەرایەتی یان چالاککردنی کاری دیموکراتی ؟

**بۆ بەڕیز باوکی بەهەند،ببوورە نەم توانی بەو فۆنتە بنووسم کە بەڕیزتان دەتوانن بیخوێننەوە،بۆیە وەلامی بەڕیزتانم بەم شێوە و لە ڕێگای ئەم لاپەڕەیە دایەوە.......**

**سەردار عەبدوللکەریم**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەتان ناکرێ بە شیوەیەکی دابڕاو یان بە داماڵینی کوردستان لە بارودۆخە بابەتی و زاتیەکانی لە هەموو عیراق هەڵبوێری،ئەگەر بەووردی بڕوانیتە بارودۆخی کوردستان و لەو بڕوایەش دابین،کەوا هەر هەموو (حیزبەکان: عیلمانی، ئاینی،چینایەتی... هتد) خویان بە کورد دەزانن و پەرۆشی دۆزی کورد و پرۆسەی دیموکراتین،ئەوە دەبێ یەکگرتوو و باقی حیزبە ئیسلامیەکان،"ئیسلامی کورد"بن،بەر لەوەی"حیزبی ئومەی ئیسلامی"بن،حیزبە عیلمانیەکانیش دەبێ"سیاسەتوانی کورد"بن، بەر لەوەی"سیاسەتوانی حیزبی"بن. دەبێ هەموو لایەنە کوردیەکان بەر لە دامەزراندی "کۆمەلگایەکی ئایدیۆلۆژی" بیر لە بەرژەوەندی کورد=گەل(مرۆڤ)و دامەزراندنی"کیانێکی کوردی" بکەنەوە.

ئەم کۆمەڵگایە ئایدیۆلۆژیەی کە لێرە باسی دەکەین بەلای منەوە گرنگ نیە چ جۆرێکە،با ئەم ئایدیۆلۆژیەتە هەرچۆنێک بێت و هەر چیەیەک بێت،مارکسیە،ئیسلامیە،...هتد؟بەڵام گرنگ ئەوەیە خەبات لەپێناو میللەتێک، نەتەوەیەک، خاکیک دەکا،نەک تەنها ئایدیۆلۆژییایەک، لە بارێکدا ئەگەر ئەم ئایدیۆلۆژیایە بوو بە ئامانج نەک مرۆڤەکان،ئەوە بەهای هیچ حیزبێک و ئایدیۆلۆژییایەک وەک خۆی نامینێ،چونکە بەبێ بوونی کیانێکی سیاسی، ئازادی،پێناسە و چەسپاندنی ناسنامەی ئەم هاولاتیانە بەهاکانی خۆیان نامێنێ.ئایدیۆلۆژیاکان بەبێ مرۆڤەکان ناتوانن هیچمان بۆ بکەن،بەبێ بەها چەسپاوەکان ناتوانن ئازادمان بکەن،هەزاران ساڵە موسڵمانین،بەلام بێ دەوڵەتین و چەوساوەین، پتر لە هەفتا ساڵە مارکسین و هەر بێ پەرچەم و دەوڵەت و چەوساوەین،چەندین ساڵە خاوەنی ئایدیۆلۆژییاین،بەڵام هەر بێ ئازادی و ماف و دەوڵەتین.

ئەوەندەی ئێمەی کورد پێویستمان بە کیانە و بە پێگەیاندنی بنەما نەتەوەییەکانمان،ئەوەندە پێویستمان بە مەسەلە ئایدیۆلۆژیاکان نیە،چونکە بەبێ ئەم کیانە ئایدیۆلۆژیەکانمان هەمیشە دەکەونە بەر هەڕەشە و لە دوایش سەبر سەبرە بۆگەن دەبن،ئەو مرۆڤانەی کە ئایدیۆلۆژیایان هەلگرتبوو، ئەگەر خاوەن کیانێک بان زۆر ئاسان نەدەبوو ئێستا بەشدار بن لە گەندەڵ بوونی حیزب و حکومەتەکانیان،فایلی ڕەساسی یان ڕەشیان نەدەبوو،غەدریان لەکەس نەدەکرد و نان بۆنانەوا و گۆشت بۆ قەساب دەبوو....؟!

ئەگەر یەکگرتوو بڕیاریداوە یەکەم جار کار بۆ دامەزراندنی"کیانێکی سیاسی کوردی"بکات،وەک بەڕێز "سەلاحەدین بەهائەدین"لە زۆر بۆنە و شوێن باسی لێوەدەکا،ئەوە بۆ ئەم مەبەستە دەبوا لە پۆلە کوردستانیەکە دەرنەچووبایە دەرەوە و لەسەر ئاستی عیراق،پێکەوە هەموو لایەنە کوردستانیەکان،(بە هەموو خراپەیەکی و باشەکانیانەوە) بەیەک لیست دابەزن(کە زۆر باشترە)، ئەگەر یەکگرتوو وانەکات،ئەی ئەم کاتە کار بۆچی دەکات؟ بێشک کار بۆ هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ئایدیۆلۆژیایی ئیسلامی ڕووت دەکات،لەم دۆخەشدا بێشک دەبێ یەکگرتوو کار بۆ ناساندنی خۆی بکات،کەواتە دەبێ کار بۆ ئاستی نوێنەرایەتی خۆی لە پەرلەمان بکات(کار بۆ ڕاوە کورسی پەرلەمان بکات وەک باقی حیزبەکانی تر)،کەواتە یەکگرتوو ئەم هەوڵەی هەرچۆنێک بێت بۆ چاوی ڕەشی پرۆسەی دیموکراتی نیە،بە مەبەستی چالاکردنی پرۆسەکە نیە،بەڵکو لە پێناو بەرنامە سیاسی و فکریەکەی خۆیەتی.لەم بارەشدا ئەم پێشنیارەی یەکگرتوو تەنها

موزایەدەیەکی سیاسیانەیە و هیچی لە موزایەدە سیاسیەکانی حیزبەکانی تر زیاتر نیە،بەمەش ئەم ڕایە دەسەلمینێ، کە دەڵێ:یەکگرتوو لەسەر کێشەی کورسی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان جیا بۆتەوە.ئەم مەسەلەیە دەمانخاتە بەردەم ئەم ڕاستیە،کەوا یەکگرتوو و هەموو لایەنەکان کێشەیان لەسەر مەسەلەی کورسی و ئاستی نوێنەرایەتی و قەبارەی نوێنەرایەتی هەیە چ لە"بەغدا" و چ لە 'هەولێر"،واتە کێشەکەیان لەسەر کورسیە؟ئەگەر وانیە بۆ پارتی و یەکێتێش بە دوو لیستی جیا لە کوردستان دانابەزن؟!ئەگەر هەر ئەم دۆخە بە هەمان شیوە بۆ کوردستان بکەینە پێوەر، دیسان دەتوانیین بڵێین:کێشەی نێوان لایەنە سیاسیەکان لەسەر ئاستی قەبارە و شیوەی نوێنەرایەتیە لە پەرلەمان"لەسەر کورسیە" هەرچەندە بیانەوێ بڵێن:ئێمە مەبەستمان لەم هەنگاوە،فراوانکردنی بنکەی دیموکراتیەتە،بەڵام ڕاستیەکان ئەوە ئاشکرا دەکەن،کە شەڕەکە (ئینجا ئەم لایەنانە چ لە ناو خودی لیستێک بن چ لە دەرەوەی ئەم لیستە)هەر هەمووی لە پێناو ناسینی قەبارە و ئاستی ئەو ڕێژەیەیە کە ئەم کیانە سیاسیە دەیەوێ لە پەڕلەمان نوێنەرایەتی حیزبەکەی پێبکات.

بەڕای من ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو هیچ لەمەسەلەی فراوانکردنی بنکەی دیموکراتی ناگۆڕێ، لەبەر ئەوەی زەمینەی دیموکراتی لە کوردستان خەسێنراوە و هەر ئەوەندە دەگرێتە خۆی،چونکە لە ئایندە و لە دوای دەنگدان،ئەم هەنگاوەی یەکگرتوو هیچ کارێک لە پڕۆسەکەی بڕیاردان لە ناو باڵەخانە و هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان ناگۆڕێ،لەم باڵەخانەیەدا ئەگەر یەکگرتوو 9 کورسیشی هەبێ،ئەوە بڕیارەکان و دەنگەکان هەر لە بەرژەوەندی قەبارە و کورسیەکانی حیزبە زلەکاندایە و لە هی یەکگرتوو دانیە و نابێ،ناتوانێ هاوکێشەکان بگۆڕێ،بۆ؟ پارتی و یەکێتی قورگی پڕۆسەی دیموکراتیان واگووشیوە،کەوا زۆربەی دەنگەکان لە ڕێی هاوپەیمانێتیەکی ناچاری بۆ ئەم دوو زل هێزە،هاوپەیمانە قورغ کراوە.ئەگەر وامان دانا یەکگرتوو 9 کورسیشی بە لیستی جیا هێنا،هێشتا ناتوانێ پڕۆژەیەک پێشکەش بە پەرلەمان بکات،یان بەر هەڵستکاری هەموارکردنی یاسا و بڕیارێک لە ناو پەرلەمان بکات،چونکە ئەم لیستە هاوپەیمانە زلە بە تەنها دەتوانێ هەموو ئۆرگانەکانی حکومەت پێکبهێنێ،بێ ئەوەی بۆ پێکهێنانی حکومەت چاویان لە یەک کورسی یەکگرتوو بێ،کەواتە یەکگرتوو هەر معارەزەیە، ئەگەر ویستی پڕۆژەیەک بدات بە بە پەرلەمان،ئەوە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەبێ 10 ئەندامی پەرلەمان یان ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرێک لە ڕیگای ئەنجومەنەوە،پڕۆژەکە پێشکەش بە پەرلەمان بکات،کەواتە نە پەیڕەو و پڕۆگرامی ناوخۆی پەرلەمان ئەم هەلە دەدا بە یەکگرتوو،تا پڕۆسەی دیموکراتیەت لە کوردستان گەشە پێبدات و چالاکی بکات، نە قەبارەکەشی لە چاو قەبارەی کورسیەکانی هەردوولا لە ناو پەرلەمان ئەم ئەرکەی بۆ ئاسان دەکات. با یەکگرتوو بە لیستی جیاش بەشداری بکات،بەلام کە لەناو پەرلەمان هەر حیزبی بەرهەڵستکاربوو،نەیتوانی بڕیارێک یان یاسایێک بگوزەرێنێ،چ کارێکی کردووە بۆ چالاکردن و فراوانکردنی ئەم بنکە دیموکراتیە؟

لێرەوە دەگەینە ئەم ڕاستیە،دیارە یەکگرتوو زانیویەتی ئەگەر لە لیستی هاوپەیمانی بمێنێتەوە ئەوە"ینک وپدک"لە3-4کورسی زیاتری نادەنێ،لەم یاریەشدا ئەگەر یەکگرتوو بتوانێ چەند هەزار دەنگێک لەو دەنگانە زیاتری بە دەستبهێنێ،ئینجا دەتوانێ لەم چوار کورسیە زیاتر مسۆگەر بکات،ئەگەر زیاتریشی هێنا،ئەوە بۆ یەکگرتوو زۆر باشتر و ڕوو سپیەتی ترە،ئەگەر لەوەشی کەمتر هێنا،کە بەڕای من لەوە کەمتر ناهێنێ،ئەوە ئەم چوار کورسیەی کە بەدەستی دەهێنێ،هەر بە ڕوو سپیەتیە،لە ئەزعەفول ئیمانیشدا،دەڵێ:ئەی خەڵکینە سەیرکەن ئەو کورسیانە بە توانا و بە ڕەنجی خۆمان بەدەستمان هێناوە،ئەو کاتە ناتوانێ بڵێ: پڕۆسەی دیموکراتیم چالاککردوە!

یەوەی کە دەتوانێ بڵێت تەنها ئەوەیە کە بڵێ: ئەم کورسیانە هی (سەدەق و سەرفترەی ) پارتی و یەکیتی نیە؟!لەم دۆخەدا وەرگرتنی کورسیەکان نابیتە منەت بەسەریانەوە.ئەم بەشداری نەکردنەی یەکگرتوو تەنها ئەم سودەی بۆ یەکگرتوو تیایە، بەڵام بۆ کورد و دیموکراتیەت هیچی پێوەنیە،بەڵام راستیەک هەیە دەبێ بازی بەسەردا نەدەین:

بۆ ئەوەی دیموکراتیەتی ڕاستەقینە لە کوردستان بوونی هەبێ،دەبوا یەکێتی،پارتی و یەکگرتوو و هەندێ حیزبی تر،بە لیستی جیا،لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بەشداریان بکردابایە، بەڵام بۆ بەرژەوەندی کێسیی نەتەوەیمان و دۆزی کورد،دەبوا لە هەڵبژاردنەکانی عیراق تەنها بە یەک لیست بەشداریان کردبا،دیارە یەکگرتوو بە پێچەوانەی ئەم هاوکێشەیە کاردەکات، پارتیش مەرج دادەنێ بۆ بەشداربوون لیستێکی یەکگرتووی کوردستانی لەسەر ئاستی عیڕاق، لەم یاریەدا پارتی پرۆسەی دیموکراتی لە کوردستان خەساندووە،ئەویش بە دانانی ئەو مەرجە: یان دەبێ لە هەردوو ئاستدا بەیەک لیست لەگەڵ یەکێتی دابەزین،یان نا؟!ئەگەر ئەو"نا"یەی پارتی بەم "نا"یەی یەکگرتوو بەراورد بکەین،چ جیاوازییەکیان هەیە؟"نا"کان هەموو لە پێناو ئاستی نوینەرایەتی(کورسی) و قەبارەی حیزبە، ئەگەر پارتی دیموکراتیخوازە، دەبوا لە کوردستان بە لیستی جیا ڕازیبا،بۆ تەعینکرانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتەکەی مەرجیان نەبوایە و هەر مەرجێکی لەو بابەتە،واتە لە دەستدانی بنەماکانی دیموکراتیەتە.

دیارە یەکێتی بۆ ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد و مەترسیە دەرەکی و ناوخۆییەکان و شلۆقی بارودۆخەکە،ڕیشی خۆی داوەتە دەست پارتی و پارتیش بەمە سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم و چەندین پۆستی تریان لە بەغدا مسۆگەر کردووە، یەکگرتووش لەم یاریەی پارتی و یەکیتی بێشک زەرەرمەندە دەبێ، وەک باقی حیزبەکانی تری کوردستان،دیارە لەم بارەدا یەکگرتوو دەیەوێ بۆ بردنەوەی یاریە سیاسیەکانی و بەدەستهێنانی پۆستی سیاسی، یاریەکە بەم ئاراستەیە ببات و دانوسانەکان بە دەنگەکانی خۆیان لە بەغدا لەگەڵ پارتی ویەکێتی بکات،یەکگرتوو بە نیازە بڵێ: من لەسەر ئاستی عیراق کاتێ هاوپەیمانەتیتان دەکەم، ئەگەر ئەوەی لە کوردستان لێتان بێبەشکردووین بمان دەنەوە؟ئەم گورزی ژێر عەبایەی کە یەکگرتوو دەیوەشێنێ،ئەگەر بە یەک دوو کورسیش بێ بۆ کورد لە بەغدا زۆرە،کەواتە یەکگرتوو هەموو شەڕەکانی بۆ کورسی و ئاستی نوێنەرایەتیە،بەڵام بە پاڵپشتی ئەم ڕەهەندە ئیسلامیەی کە ئیمرۆ لە خوارو و ناوەڕاستی عیڕاق هەیە نەک لە کوردستان.

پارتی لەم یاریە بە قەبارەی خۆی گرەوی بردۆتەوە،ئەگەر ئەم یاریەی نەکردبا لەوانە بوو ئەم بەرانجانمانەی وا بەئاسانی دەست نەدەکەوت،کەواتە یەکگرتوو یاریەکی جوانی سیاسی کردووە، دەیەوێ گۆلی خۆی بکات،گۆلی سیاسی،بەڕای من ئەم یاریە وەک یاری دوو گۆلی ودییە لە نیوان دوو گرۆپ،تەنها بۆ زانینی تواناکانیان و مەشقکردنە،یەکگرتووشم لەم یارییە هەروا دیتە بەرچاو،بەڵام یارییەکە بە جوانی دەکات.مامۆستاکانی یەکگرتوو،کە حیزبە ئیسلامیەکانی تری وەک ڕەفای تورکیا و ئیخوانی میسری و بزوتنەوە ئیسلامیەکانی جیهانین،چاک یاریە سیاسیەکانیان لە وڵاتەکانی خۆیان ئەنجام داوە،ڕەفاە لەسەر هەڵەی یەڵماز و چیلەر و ئەجەوید بوو بە حیزبی حاکمی تورکیا، ئیخوانی میسر لەسەر هەڵەکانی مبارەک زۆر بە زەقی هاتە پێسەوە، بەڵام لە کوردستان ئەم یارییە زۆر زووبوو بۆ یەکگرتوو،لەبەر دوو هۆ:

یەکەم: کورد کیانێکی سیاسی-نەتەوەی چەسپاوی دان پیانراوی نیە و بچووکترین سەرەڕۆیی بەم چارەنووسە گەورەترین مەترسی دروست دەکات.دەبووا لەسەر ئاستی هەلبژاردنەکانی عیراقی تا دەستووری عیراق بەتەواوی یەکلادەکرایەوە، ئەم هەنگاوە پەلەی لێنەکرابایە.

دووەم: زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری کوردستان جەماوەرێکی عیلمانی مەدەنیە نەتەوەییە، کێشەی لەگەڵ بابەتە ئاینی و مەزهەبیەکاندا نیە و هیچ کاتێ لە جیبەجێکردنی ئەرکە ئاینیەکانی ڕێگای لینەگیراوە.ئەم جەماوەرەی کوردستان لە بەرنامەکانی حیزبە ئیسلامیەکان بەگومانن،چونکە تا ئێستا بەڕاشکاوانە چارەسەری کێشەی کوردیان نەخستۆتە بەرنامەکانیان وەک ئەوەندەی کێشە ئایدیۆلۆژیەکانیان وروژاندووە.

دەبووا یەکگرتوو تا دەستوور بە چاکی دەچەسپێ سەبری بگرتبا،بەڵام چی بکەین ئەوە کوردستانە و بەشێکە لە عیراق، لەم قۆناغەدا و لە کوردستانیش وەک سەرجەم عیراق، پرۆسەی دیموکراتیەت بە هەموو شیوەکانی دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی پرسیار،هەموو هەنگاوی حیزبەکانیش بە یەکگرتووشەوە، دەکەوێتە بەر ڕیژنەی گومانی هاوڵاتیان .